سەعدی ئەحمەد پیرە: خەڵك چاوەڕوانی پێكهێنانی حكومەتی نوێیە و دەبێت بەخێرایی پێكبهێنرێت

سەعدی ئەحمەد پیرە وتەبێژی یەكێتی رایدەگەیەنێت خەڵك چاوەڕوانی پێكهێنانی حكومەتی نوێیە و دەبێت بەخێرایی پێكبهێنرێت.

ئەمە دووشەممە ٢٠ـی كانونـی دووەمـی ٢٠٢٥، سەعدی ئەحمەد پیرە، وتەبێژی یەكێتیش دەڵێت، لە ئێستادا كورد بەهێز و بە پێكهێنانی حكومەتیش بەهێزتر دەبێت، وتیشی خەڵك چاوەڕوانە و دەبێت بەخێرایی حكومەتی نوێ پێكبهێنن.

ئاماژەی بەوەشكردووە، بارودۆخەكەی ئێستا هێندە ئەستەم نییە كە حزبەكانی هەرەمی كوردستان نەتوانن تێیپەڕێنن.